
# کام ئیعتوباری سیاسی و کام ئازادی ڕادەربڕین کاک ئازاد ؟



سلێمان عەبدوڵڵا یونس

slemanyunes@yahoo.co.uk

دوای گوشار و فشارێکی زۆرلە لایەن ڕووناکبیران و نوسەرانی ئازادیخواز و هەڵسوڕاوانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ ، دوای بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە لایەن حکومەتی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەیان ڕێکخراوی مەدەنی لە سەرتاسەری دنیادا ، ئەوسا یەکێتیی نیشتیمانی بە ووتارێک کە لە لایەن بەڕێز ئازاد جوندیانی بەرپرسی یەکەمی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنەکەیەوە ، بەدرەنگ وەختێکی زۆرەوە ئەو قڕو و قاپ و بێدەنگیە چاوەڕوان کراوەی لە کوردستانی نوێی ژمارە ( 3908) بەخشکۆڵی شکاند ، کە لە مەڕ کێشەی نوسەر و ئەکادیمیست و مافناسی کورد دکتۆر کەمال سەید قادر بوو کە لە نێوان زۆرینەی ڕووناکبیرانی کورد و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە سەریهەڵداوە .

وتارەکەی جوندیانی بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ بێ گوناهکردنی یەکێتیی ، بەقەد ئەوەی پاساوێکە بۆ ئەو خۆ کڕ کردن و کەمتەرخەمیەی کە نەدەبوو یەکێتیی بینواندبایە، لە مەسەلەیەکی وا هەستیاردا ، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە نێگەتیڤانەی کە لەوانەیە لە دەرەنجامی ئەو تەنگژەیەدا بکەونەوە و ، پردی متمانەی نێوان یەکێتیی و ڕووناکبیرانی کورد بەشێوەیەکی

ترسناک لاواز بکات ، یان ڕاستر بڵێین هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو دەرخستن و بەرگری کردنێکی سیاسیانەی ئەو دۆخە سیاسیەی کە یەکێتیی توشی هاتووە ، دوای ئەو هەوڵە سست و پەڕپوتانەی هەردوو پارتە زاڵەکەی کوردستان بەتایبەتی یەکێتیی ، بێ هودانە دەیانهاوێژن بۆ دروست کردنەوەی پردی متمانەو ڕێکخستنەوەی گوتاری ڕا ڕا و پەرش و بڵاوی سیاسی کوردی ، کە لە ئێستادا نکۆڵی ناکرێت بەڕاستی بۆ کورد مەسەلەیەکی ژیانی و چارەنوس سازە

نوسین و لێدوانەکانی جوندیانی بەزمانێکی سیاسیانەی ئارام و لەسەر خۆ ئاراستە کراون ، بەڕادەیەک ئەو بارو دۆخە هەستیارەی لەبەرچاو گرتووە کە هەنوکە پەیوەندیەکانی ئەو دوو پارتە زاڵەی کوردستانی پێدا گوزەر دەکەن ، بەڕادەیەک لە لێدوان و ڕای نەک یەک لەو دوو پارتە زاڵە ناچێت ، بەڵکوو لە ڕای پارتێکی ئۆپۆزسیۆنێ بچوک و سنوردار کراو و گەمارۆدرا و لە لایەن پارتێکی زاڵی تەقلییدی دەچێت ، کە پێش وەخت مەوداو سنوری قسەو هەڵسوڕانی بۆ بڕێندرابێتەوە ، کەچی عاجباتیەکە لەوەدایە ڕاگەیاندنەکەی پارتی و کەسی یەکەمی ڕاگەیاندنی ئەو پارتەش کاک سەرۆ قادر کە پارتەکەیی بە نوێنەری دیموکراتیخوازانی کوردستان و عێراقیش دەزانێت ، بە پەلە و زۆر پشو کورتانە کەوتنەوە مەسەلەی ( سیر و پیازەکە )لەگەڵ یەکێتییدا ، بەڕاستی جێگای سەر سوڕمانە کە پاوێکی ڕۆشنبیری وەکوو سەرۆ قادر پێی وابێ کە دەبێ یەکێتیی هەمان بیرکردنەوەی پارتی هەبێ ، دەبێ یەکێتیی بەچاوی پارتی سەیری ئەو مەسەلانە بکات کە لە کوردستاندا دەگوزەرێن ، مادامەکی یەکێتیی و پارتی لە قۆناغی دروست کردنەوەی متمانەدان ،ئەمانە جۆرە پاساوێکن بۆ هەرچی زیاتر کوشتنی ڕاو بیرکردنەوەی جیاواز ، بۆ لەقاودان و سڕ کردنی ئەگەرەکانی زیاتر باڵا کردنی ئەو جیاوازیە سروشتیانەی کۆمەڵگا لە ئەنجامی گەشە کردنی دیموکراسیدا بە سروشتی بەرهەمیان دێنێ.

سەیرە دوای پازدە ساڵ هێشتا کورد و پارتە ڕێبەرەکانی بە عەقڵی هەڕەشەو نیشاندانی بێچووە گورگەکانی شەڕی براکوژی و پسانی پردی متمانە مامەڵە لە تەک پارتە هاوپەیمان و هاوچارەنوسەکەی میپللەتەکەی خۆی بکات ، سەیرە دوو پارتی هاوشان و برابەشی یەکتری لەدەسەڵاتدا یەکیان بچوکترین و سادەترین مافی ڕادەربڕین بە ئەوی دیکە ڕەوانەبینێ ، ئەگەر ئەمە مامەڵەیان بێت لەگەڵ یەکتردا دەبێ چ مامەڵەیەکی سیاسیانەی سەدەکانی بەر لە سەر هەڵدانی سیاسەت لەگەل نەیارانی بچوک و بێ دەسەڵات و بێ پشتیوانی خۆیان بکەن ، ئەگەر پارتی ئەمە نەفەسی سیاسی بێت لە گەڵ پارتە هاوتاکەی خۆیدا دەبێ بەرامبەر پیاوێکی ڕۆشنبیری قەڵەم بەدەستی وەکوو دکتۆر کەمال چۆن ڕەفتار بکات لەکاتێکدا نەک ڕەخنەی توندیشی گرتووە بەڵکو بە زمانی زبریش ڕەخنەی لە ترۆپکی هەڕەمی سیاسی ئەو پارتە گرتووە!؟

لە کاک سەرۆ دەپرسم ئایا ئەو زمان و شێوازەی لەسەردەمانی شەڕی براکوژی نەگریسدا ئێوە لەگەڵ یەکێتیی‌و یەکێتیی لەگەڵ ئێوە پێیئاخفتن ،ئایا ئەوەی دکتۆر کەمال تۆزی دەشکێنێ ؟، ئیوە چیتان نەکرد و چیتان بەیەکتری نەگووت ؟. ئایا جیتان بە موقەدەسی هێشتەوە ، هەتا نوسەرانی نیگەران و تورە لەم دۆخە نالەبار و داسەپاوەی کوردستان بتوانن دان بەخۆیاندا بگرن و کە تووڕەبوون دۆ و دۆشاو تێکەڵاو نەکەن ؟ ئێوە بەرپرسیاری یەکەمن لەو زمانە زبرەی دکتۆر کەمال لە یەک دوو گوتار و بەدوایشدا هەندێ نوسەری تری بیزار لەو دۆخە سەپاوەی کوردستان بە داخەوە پەنایان بۆ بردووە ، ئەگەر سەرۆکەکانمان دوای بەفیرۆدانی گیانی پیرۆزی هەزاران لاوی کورد و ئێوەمانانیش دوای ساڵانێک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە زوورەی ئێوەی هەنوکە سەغڵەت کردووە ، بەسانایی و بەسەرپێیی بەداوای لێبوردنێکی هاکەزایی قوتارتان ببێ و بەخشینتان ڕەوابێ ئایا خەڵکی دیکە کە زۆر کەمتری گوتوە و زۆریش کەمتری نوسیووە ، سەردەمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ ؟ بۆ ڕەوانی‌یە بگوترێ کە دەکرێ چیتر ئازادی ڕادەربڕین بە قوربانی ئیعتوباراتی

سیاسی نەکرێ ؟ بەڵام ئایا هەرکەسێ ئەم وەڵامە بەپەلە پڕوزێنەیەی ئێوە ببینێ ناچار نابی لەگەڵ مندا بەکاک ئازاد بڵێ :دەپێم بڵێ تۆ کام ئیعتوباراتی سیاسی و کام ئازادی ڕادەربڕینەت مەبەستە لە کوردستاندا قوربان .